# شاری مۆسیقارە سپییەکانم خوێندەوە

**حەمە کاکەڕەش**

**سوید**

heme_kaka_rash@hotmail.com




**کە دواین ڕۆمانی بەختیارعەلی ،( شاری مۆسیقارەسپییەکان) م خوێندەوە ئەو قسەیەی (میلان کۆندێرام بە بیردا هات کە دەڵێت: لەو باوەڕەدام کە ڕۆمان دەتوانێ شتێک بڵێ کە بە هیچ شێوەیەکی تر جگە لە ڕۆمان ناوترێ )**

**من ڕەخنە گرنیم و بڕوایشم وا نییە بتوانم بە دروستی قسە لە سەر ڕۆمانێکی وەک (شاری مۆسیقارە سپییەکان ) بکەم، تەنها ئەمەوێ ئەو بێدەنگییە ڕاوەشێنم و... ئەوە بڵێم بە پێچەوانەی هەموو کۆمەڵگەکانی دنیاوە لە لای ئێمەی کورد لە دوای بڵاو بوونەوەی هەر کتێبێکی ڕچەشکێن و جوان و زیندو و داهێنەرانەوە لە بری ئەوەی هەوڵی خوێندنەوەو تێگەیشتنی وردو دروستی بۆ بدرێ. پشتگوێ دەخرێ و هەوڵی بچوککردنەوەو ناشیرینکردنی دەدرێ هەرچەندە خاوەنی ئەو هەوڵە نەزۆک و کوێرانە دواجار لە بێهودەیدا وون دەبن. بەداخەوە هەموو کتێبە جوانەکانی ئێمە زۆر بەبێدەنگی دێن و تێپەڕدەبن، *بەبێ ئەوەی هێندەی پیویست قسەیان لەسەر بکرێت، ئەگەرچی ڕۆژێک دێت***

***ئەم بێدەنگیانە هیچیان نامێنن بەلام ئەو کتێبە جوانانە وەک دەنگ هەمیشە بە زیندوویێتی دەمێننەوە.***

زۆر جار ئەوە دەبیستین کە دەڵێن لە پشت هەموو دەقێکی نەمرو مەزنەوە ڕەخنە گرێک هەیە؟ ئەمە بەو مانایە دەووترێت دەرخستن و دۆزینەوەو هەڵخستنی جوانی و جەوهەری هەر دەقێک پەیوەستە بە تێرامانو بینین وخوێندنەوەو بە دوا داچوونی ڕەخنە گرێکەوە تا ئەو دەقە لە مردن و بیرچوونەوە ڕزگار بێ و تێگەیشتنەکانی بگوازێتەوە بۆ ناو پانتایی نا حاڵی بوون.

لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەم؟ ڕەخنەگرەکانی ئێمە توانیویانە لە دەرەوەی تەشەنوجوو لەمپەرەکانی حیزبایەتی وشارچێتی و ناوچە چێتی، قسە لەسەر ڕۆمانێک بابەتێک بکەن تاقە پێوەریان ئاستی جوانی و داهێنانی بابەتەکە بێت .

گەروایەو ڕەخنەگرانی ئێمە بەو ئاراستەیە کاردەکەن، چۆن دەکرێت دوای بڵاوبوونەوەی شاکارێکی وەک شاری مۆسیقارە سپییەکان قسە لەو بێدەنگییە نەکرێت ،لە کاتێکدا ئەو ڕۆمانە هێندە جوان و مەزنە دەتوانرێت سەدان لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لە سەر بکرێت. دەکرێت بپرسم کوان ئەو ڕەخنەگرانەی لە پشت شاری مۆسیقارە سپییەکانەوەن تا بتوانن بە تەماشاکردن و خوێندنەوەو تێڕوانینی نا ئاسایی بمانبەن بۆ قووڵایی ماناو پێدەشتی خەیاڵ و دەریای فڕین و ئاسمانی وەرینی پیرۆزییەکان و داستانی گوناە جوانەکان و... گومانەکان شیکەنەوەو یەقینەکان جارێکی تر بە گومان بسپێرن و.. پەنجەرەکانی تێگەیشتن بکەنەوەو بینین و بیستنمان تژیکەن و...گرێکانی دنیای ڕۆمانێکمان بۆ بکەنەوە کاتێک کە وون دەبین لە چڕی ماناو خەیاڵ و فرە دەنگیی و فرە ڕەنگیدا بە هەورازەکانیدا سەرمانخەن و بمانخەنەوە سەر ڕێگاکانی ڕۆمانێک کە دەکرێت وەک شاکارێکی کوردی بێتە ئەژماردن و ئەزموون و دنیایەک بێت بۆ ئەوەی شانازی پێوە بکەین و بڵێین کوردیش رووی مەجلیسی ڕۆمانی دنیای هەیەو زمان وخەیاڵ و حیکایەت و کارەساتی کورد لە ئاستی نەتەوەکانی دنیادایەو ، چیتر گوێ بەو قسە پووچانە نەگرین،کە زمانی کوردی بچوک دەکاتەوەو گومانی ئەوەی هەیە کە بەم زمانە ڕۆمان بنوسرێت...،بەلام هەیداد شاکارێک بڵاو دەبێتەوەو ڕەخنەگرەکانی ئێمە هێندە چاویان کزە نایبینن یان نایانەوێ ببینن!!؟ یان لەوە نوکتەتر یەکێک لە بەناو ڕۆشبیرەکانی حیزبێک دوای خوێندنەوەی سەد لاپەڕە لە شاری مۆسیقارە سپییەکان بە پەلە پەل چەند تۆپەڵە قسەیەکی بۆش و ئاجڕو باجڕی نوسیبوو کەدڵنیام حاڵی زۆربەی ڕەخنەگرەکانمان لەم دەروێشی حیزبە باشتر نییە.. ڕەخنەگرەکانی ئێمە لە پشتی چاویلکەکانیانەوە بە تێڕوانینێکی کزەوە کە لەوە بێتواناترن بتوانن ڕۆمانێکی وەک (شاری مۆسیقارە سپییەکان بخوێننەوە، تادەگاتە ڕەخنەو تێرامان وقووڵبوونەوەو قسە لە سەر کردن.کوان ئەو ڕەخنەگرانەی سەدان لاپەڕە ڕەشدەکەنەوە لە ستایش و حیکایەت کردن بۆ سەرکردەیەک وەزیرێک و گزیرێک ، کەناڵەکان دەگرن و بەبێ ڕۆشنبیرییەکی ئاگادارو پتەو قسە لەسەر هەموو مەسەلە هەستیارەکانی میللەتێک دەکەن ، لە کۆڕو کۆبوونەوە حیزبییەکاندا قەڵەمێکی کێژو

نەخۆش وەک داهێنەرو بلیمەت دەناسێنن ناوو ناونیشانی خەیاڵی دەبەخشنەوەو ئامادەن لەسەر نامیلکەیەکی هیچ کە خۆیان مەبەستیانەو خێری لێدەبینن دەنوسن و وەک شاکارێک قسەی لێدەکەن کە هیچیش نییە لە ڕاستیدا ، مۆدی ئەم ڕەخنەگرانە وەک داشی شەترەنج وایە، تا دەستێک نەیانجووڵێنێت لەوە مردووترن بتوانن لە خانەیەکەوە بازدەن بۆ خانەیەکی تر، بەڵام ئەو کاتەی کە دەستێک وەک ئالەتێکی قورمیشکراو قورمیشیان دەکات ئیدی بە پێوەری کاتی دیاری کراو ئەو وانانەی کە پێیان ڕەوان کراوە تا قیامەت دەیڵێنەوە .

ئاخر چی لەوە ترسناکترو خەمناکترە ڕۆمانێکی لێو ڕێژ لە دەنگ و جوانی و خەیاڵ و فیکرو هتد....پشتگوێ خرێ و کەسانێک کە خۆیان بە ڕۆشنبیرو ڕەخنەگر دەزانن سەرگەرمی پیاهەڵدانی هەندێک کتێبۆکەبن کە لە ئاستی نامەی دڵدارێکی شەرمنیشدا نییە ، ئەم بەناو ڕۆشنبیرو ڕەخنەگرانە بەهاوکاری و کۆمەکی حیزبەکان دەرئەنجام ڕۆشبیرییەکی ساختەو ڕۆشبیرێکی ناشیرین دروست دەکەن. ڕەخنەگر هەیە زمانی ئەم ڕۆمانە بە زەعیف وەسف دەکات ئەمە قسە فرێدان زیاتر هیچ نییە ،چونکە هەموو هێزی گێڕانەوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەسەر زمان بەندە ،گەر بەختیار خاوەنی زمانێکی وانەبێت کە پڕبێت لەو توانایەی کە هەڵگری ئەو هەموو خەیاڵ و فەنتازیایەبێت ئیدی چۆن دەتوانێت ڕۆمانێکی شەش سەد لاپەڕەی پێبنووسێت و خەیاڵی خوێنەر داگیربکات تا تەواوبوونی ڕۆمانەکە .

.دڵنیام ئەم ڕۆمانە دەبێتە بەشێکی گرنگی مێژووی ئەدەبی ڕۆمانی کوردی. بەڵام ئایا ئەم بێدەنگییە لەئاست بەرهەمە جوانەکانی ئەدەبی کوردیدا، بێدەنگییەکە کە بێ توانایی و نەزانینی لە پشتەوەیە، یاخود بێدنگییەکی دەست ئەنقەستە و چاو بەرایی نەهاتنە دژ بە هەموو داهێنانێک کە خۆی لەو هەراو زەنایەی ڕۆژانە دوور دەخاتەوە کە بەناوی ئەدەبی کوردییەوە دەکرێت .

*هەڵبەتە ئەم نوسینە ئەو هەوڵە جوانانە ناگرێتەوە کە لە پەنجەکانی دەستێک تێناپەڕن